گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەوشی پێکەوەژیانی نەتەوەیی لە کۆمەڵگە فرەکولتوورەکاندا
# توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان[1]

**پ.ي.د. عبدالمجيد غفور ابراهيم**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هةریمی کوردستان، عێراق
alkurdy_20@yahoo.com

**جبار قادر احمد**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هةریمی کوردستان، عێراق
jabarqader79@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/١٢/١٣
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١/٢٩
بڵاو کردنەوە: پایز ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
*Coexistence, National Coexistence, Social Cohesion, Confession*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.3.13

## پوختە

پێکەوەژیانی نەتەوەیی؛ هۆکارێکی گرنگی پێشکەوتن و سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتییە لەناو کۆمەڵگە فرەکولتوورەکاندا، بەجۆرێك کە بنەمای پێکەوەژیان و لێبووردەیی و پاراستنی مافی پێکهاتەکان لەناو پرۆسەی دامودەستگەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا ڕەنگداتەوە. زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان نەتەوەی کوردن، بەڵام پێکهاتەی کلدۆ و ئاشووری و تورکمان و عەرەبیش، بوونیان هەیە، کە مێژوویەکی قووڵی پێکەوەژیانیان لە نێوانیادا بوونی هەبووە و هەیە، بەڵام ئەم بابەتە پێویستی بە وردبوونەوەی زیاترە، بەتایبەت پەیوەست بەتێکەڵبوونی کولتووری و قووڵبوونەوەی گیانی پێکەوەیی و یەکترقبوڵکردن.
ئامانجی ئەم توێژینەوەیە؛ یەکەم: زانینی کاریگەریی گۆڕاوەکانی (تەمەن، ئاستی خوێندەواری، باری ئابووریی) لەسەر پێکەوەژیانی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا. دووەم؛ زانینی ئاستەکانی پێکەوەژیانی نەتەوەیی بەگوێرەی پارێزگاکان و زانینی کاریگەریی تێگەیشتنی نەتەوە و ئایینە

[1] ئەم پەیپەرە بەشێکە لە نامەی دکتۆرا بە ناونیشانی (فرەکولتووری و پەیوەندیی بە ناسنامەوە: توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جیاوازەکان لەسەر پێکەوەژیانی نەتەوەیی. لە دەرئەنجامدا بۆمان دەرکەوتووە کە ئەو کەسانەی بە تەمەنن تێگەیشتنێکی قووڵیان هەیە سەبارەت بە پێکەوەژیانی نەتەوەیی بە بەراورد بە ئاستی تەمەنەکانی دیکە. هەروەها پەیوەست بە ئاستی خوێندەوەرای و دۆخی ئابووریش بەپێی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان، هیچ جیاوازییەك لەتێڕوانینیان بەرانبەر بە پێکەوەژیانی نەتەوەیی نییە. لەلایەکی دیکەوە پێکەوەژیانی نەتەوەیی بە بەهێزتر لەپارێزگای هەولێر دەبیندرێت، بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەدا. تێڕوانینی نەتەوە جیاجیاکان بۆ پرسی پێکەوەژیان هیچ جیاوازییەکی قووڵ لە نێوانیاندا نییە و بە بەهێزی دەبیندرێت، ئەگەرچی کۆمەڵگەی توێژینەوە کۆمەڵگەیەکی فرەکولتوورە، بەڵام فرەکولتووری ناوچەیین. جیاوازی لە تێڕوانینی ئایینە جیاوازەکان بۆ پرسی پێکەوەژیانی نەتەوەیی نابیندرێت و ئەم پرسە بە تێڕوانینی بەشداربووانی ئایینە جیاوازەکان پەسەندکراوە. کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە هەرێمی کوردستان و میتۆدی تێکەڵاو، لە جۆری سێکوچکەیی شیکردنەوەیی بەکارهاتووە، کە تیایدا داتا چۆنایەتییەکان پاڵپشتیی داتا چەندایەتییەکان دەکات.

## پێشەکی:

پێکەوەژیانی نەتەوەیی لە کۆمەڵگە فرەکولتوورەکاندا بابەتێکی یەکجار گرنگ و کاریگەرە، فرەکولتووری گوزارشتە لەسەر سیاسەتی ناساندن و دیاریکردنی پێگە و یەکسانی و پێکەوەژیان و یەکتر قبووڵکردن بە دیدگا و ئایین و نەتەوە جیاوازەکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پاراستنی شکۆ و دانپێدانان بە هەمووان بەشێوەیەکی یەکسان بنەما و چوارچێوەی پەرەپێدانی کۆمەڵگە فرە کولتوورییەکانە، بەڵام بوونی ناسنامەیەکی گشتیی، یان نیشتیمانی هەموو ئەم جیاوازییانە لە فۆرمێکی نوێدا کۆدەکاتەوە. فرەکولتووری چەند ڕەهەندێکی ئاڵۆزی هەیە، خۆی دەخزێنێتە نێو چەندین گفتوگۆی هاوچەرخی بەرفراوان لەوانە: سیاسەتی زمان، مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان، ئازادی ئایین، سیاسەتی پەروەردە، مافی پەنابەران و ڕێکارە یاساییەکانیان، پێکەوەژیان و

یەکترقبووڵکردن، پاراستنی شکۆی تاکوگرووپەکان، دانپێدانان بە هەموو گرووپ و ئێتنیك و کۆمەڵگە جیاجیاکان بەشێوەی یەکسان.

لەم توێژینەوەیەدا؛ بەوردی باسمان لە پێکەوەژیانی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا کردووە، بەوپێیەی کە لەم ناوچەیەدا چەندین نەتەوەی جیاجیا بوونیان هەیە و پرۆسەی پێکەوەژیان بە یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی دادەندرێت. هەوڵمانداوە لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە کە 532 فۆرمە لەتەمەن و ناوچە و نەتەوە و ئایینی جیاوازدا بەشیوەی هەڕەمەکی بەشداری بکەن، دواتر بۆ پاڵپشتی ئەم ئەنجامە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ بەشێك لە هاووڵاتیان و بەشێك لە دەستەبژێری کۆمەڵگە کردووە، دەرکەوتووە پێکەوەژیانی نەتەوەیی لە ئاستێکی یەکجار بەرزدایە، بەڵام پێویستی بەقوڵبوونەوە و تێکەڵبوونی نێوان کولتوورە جیاجیاکان دەکات، بەشێوەیەك کە ڕەنگدانەوەیەکی کرداری لە باوەڕی پێکەوەژیانی نەتەوەیی ڕەنگبداتەوە.

## تەوەری یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

### ١- گرفتی توێژینەوەکە

پرسی پێکەوەژیانی نەتەوەیی یەکێکە لە پرسە هەستیار و گرنگەکان لە کۆمەڵگە فرەکولتوورەکاندا، هەرێمی کوردستان، وەك کۆمەڵگەیەکی فرەکولتوور، بۆتە هۆی ئەوەی ئاڵۆزییە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکانی بەرفراوانتر و هەمەچەشنتر بێت، بۆیە گرفتی سەرەکیی لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لەوەی ئایا ڕەوشی پێکەوەژیانی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟ و تا چەندە فرەکولتووری و فرەنەتەوەییبوون کاریگەریی لەسەر دروستکردنی گیانی یەکتر قبوڵکردن و پەرەپێدانی هوشیاری نیشتیمانی یەکگرتوو هەیە؟.

### ٢- گرنگی توێژینەوە

بەڵگەنەویستە کە هەموو توێژینەوەیەکی زانستیی لە یەك کاتدا کۆمەڵێ گرنگیی خۆی هەیە، بۆیە ئەم توێژینەوەیەش گرنگییەکەی فرەلایەنە، چونکە لە یەك کاتدا، هەم دۆخ و ڕەوشی هەرێمی کوردستان لە پرسی فرەکولتووری شی دەکەینەوە و هەمیش لەو ڕێگەوە دەتوانین پەیوەندیی و کاریگەریی نەتەوە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر گەشەپێدان بە فرەکولتووری و گیانی لێبوردەیی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بخەینەڕوو، ئەمەش لە خۆیدا دەروازەیەکی گرنگ و بەهادارە بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونی بۆ لایەنە پەیوەندیدار و ئەکادیمیەکانی دواتر بخەینەڕوو، کە هەنگاوەکانیان لە کوێوە هەڵبهێنن و خاڵە لاوازەکان دەستنیشان بکەین و پێشنیار بۆ چارەسەرییان ئاراستە بکەین.

سەرەڕای ئەمەش، بە پێی زانیاریی تویژەران تاوەکو ئێستا کەمترین توێژینەوە بە ئامرازی زانستیانە بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخ و ڕەوشی پێکەوەژیانی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە.

### ٣- ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لە چەند ڕەهەند و ئاستتدا خۆی دەبینێتەوە لەوانە:

1- زانینی کاریگەریی گۆڕاوەکانی (تەمەن، ئاستی خوێندەواری، باری ئابووریی) لەسەر پێکەوەژیانی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان.

2- خستنەڕووی ئاستەکانی پێکەوەژیانی نەتەوەیی بەگوێرەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

3- زانینی کاریگەریی تێگەیشتنی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر پێکەوەژیانی نەتەوەیی.

### ٤- میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە

ئاشکرایە هەموو توێژینەوەیەکی زانستی، میتۆدۆلۆژیایەکی دیاریکراوی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ هەنگاوە کردەییەکانی توێژینەوەکە بە زانستی بەرەو پێش ببات. میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە میتۆدی تێکەڵاو کە هەم سوود لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی میتۆدی چۆنایەتیی و هەم چەندایەتیی وەرگیراوە. دیارترین و باشترین جۆری میتۆدی تێکەڵاویش بۆ ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە میتۆدی سێکوچکەیی لە جۆری سێکوچکەیی شیکردنەوەیی کە تیایدا داتا چۆنایەتییەکان پاڵپشتیی داتا چەندایەتییەکان دەکات. لە هەمان کاتدا، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە هەرێمی کوردستان، واتە هەر چوار پارێزگاکەی (هەولێر، دهۆك، سلێمانی و هەڵەبجە)، کە 534 فۆرم بەشێوەی هەڕەمەکیی چینایەتیی ڕێژەیی وەرگیراون لە هەموو نەتەوە جیاوازەکان.

لە شیکردنەوە ئامارییەکانیشدا، سوود لە **تاقیکردنەوەی کروسکاڵ والیس Kruskal-Wallis وەرگیراوە، هەروەها** لە دۆزینەوە وهێنانەکایەی ئەم شیکارییەشدا، بەهای مەعنەویی نیشاندەری

SPSSـە و بەرنامەی sig (value-P) بەکارهاتووە بۆ دیاریکردنی ئاستی بوونی جیاوازیی لەنێوان بۆچوونەکاندا. ئەگەر ئاستە مەعنەوییەکان کەمتر بوو لە 0.5 ئەوا بە واتای بوونی جیاوازییە لە بۆچوونەکانی کۆمەڵەکانی یەکەکەدا، بەڵام ئەگەر گەورەتر بوو لە 0.5 ئەوا واتای نەبوونی sig (value-p) ـیە، واتە نەبوونی ئاستی مەعنەویی جیاوازییە لەنێوان بۆچوونەکانی کۆمەڵگەکانی نموونەکەدا.

## ٥- چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوە

### یەکەم: پێکەوەژیان

پێکەوەژیان لێکدانەوە و شیکردنەوەی جیاجیا لەخۆ دەگرێت، بەڵام بەگشتی بریتییە لە "دانانی بەپێگە و مافی ئەوی دیکەدا، دروستکردنی تێڕوانینێکی گشتگیر و دادپەروەرانەیە بۆ داهاتووی هەر کۆمەڵگایەك، جێبەجێکردنی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسییە لە تەواوی کۆمەڵگاکاندا". لە سەدەی بیستەمدا زاراوەی پێکەوەژیان زیاتر لە بواری پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان و بنەماکانی زانستی سیاسیدا بەکاردەهات، بەتایبەتی کاتێك لەبارەی پەیوەندی ئاشتیانەی سنووورداری وڵاتەکان قسە دەکرا، بەڵام ئێستا لە بوارەکانی فرە کولتووریی و ئیتنیکی و ئایینیشدا بەکاردەهێندرێت. (الحريرى، 2011 : 8)

ناصر فکوهی کە ئەنترۆپۆلۆژیستی ئێرانیە، پێیوایە پێکەوەژیانی نەتەوەیی بریتییە لە سازان و پێکەوەبوونی دوو، یان زیاتر لە چەند نەتەوەیەك لەناو یەك کۆمەڵگەدا، کە بنەماکانی پێکەوەژیان و لێبووردەیی و داپێدانانی تێیدا ڕەنگبداتەوە. (فکوهی، 2021: چاوپێکەوتن). لە بەرانبەردا جان ئێریك و سەڤەنت ئیرسۆن (Jan Erik&SavnteErsson) پێیانوایە پێکەوەژیانی نەتەوەیی بریتییە لە بوونی چەند ئێتنیك و گرووپی ئێتنیکی و نەتەوە لە چوارچێوەی یەك کۆمەڵگەدا، بنەماکانی پێکەوەژیان و پێکەوەگونجانیاندا تێدا کۆبووتەوە، بەجۆرێك ڕێز لە ماف و داخوازییەکانی گرووپە کەمینەکان دەگیرێت و مافەکانیان بەرجەستە دەکرێن، ئەم کۆمەڵگەیانە دەچنە چوارچێوەی کۆمەڵگەی فرەکولتووری، چونکە ئێتنیك و کولتووری جیاجیا بوونی هەیە(Erik&Ersson, 2005 :78-79).

لە دەرەنجامی ئەو پێناسەی خستمانەڕوو بۆمان دەردەکەوێت کە پێکەوەژیانی نەتەوەیی بریتییە لە بوونی چەند گرووپێکی ئێتنیکی و نەتەوەیی لە یەك کۆمەڵگەدا، کە مێژوویەکی قووڵ، جوگرافیایەکی هاوبەش، چەند توخمێکی هاوبەشی کولتووری و بەرژەوەندی هاوبەش کۆیکردوونەتەوە، بەشێوەیەك

کە ڕێز لە بنەماکانی پێکەوەژیان و بەهاکانی یەکتر دەگرن، لە هەمان کاتدا، مافی کەمینە نەتەوەکان بەپێی یاسا، یان بەپێی ڕێککەوتنێکی مێژوویی و نەریتێکی کولتووری پارێزراوە، هەوڵی تواندنەوەی و هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەکان نادرێت و دانپێدانان بە بوون و مافەکانیان نراوە.

## دووەم: کۆمەڵگەی فرەکولتوور

چەمکی فرەکولتووری بۆ یەکەمجار لە کەنەدا لەساڵی (١٩٧١)ـدا ناسێنرا، وەکو بەشێک لە سیاسەتی حکوومەت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەردوو کۆمەڵگە سەرەکییەکەی وڵاتەکەی، کە بریتیبوون لە نیشتەجێبووە ئینگلیزی قسەکەرەکان و بەرانبەرەکانیان، کە ئەوانەی بە فەرەنسی قسەیان دەکرد. (Gunew 1997, Kymlica 1998)، لەو کاتەوە ئەو چەمکە ڕووی نوێی وەرگرت و ئەمڕۆ بەکاردەهێنرێ لە تاوتوێکردنی پرسە جۆراوجۆرەکاندا؛ لەوانە ڕەگەز، نەتەوە، گرووپەکان، کولتوور و بژاردەی سێکس (ڕەگەز). لەپاڵ ئەوانەشدا فرەکولتووری وەکو پێکهاتە تیۆرییەکەی مەودایەکانی لە ئامانج و چەمک و هەڵسوکەوت و ستراتیژی بۆ بەهاکان کۆدەبێتەوە. (Kincheloe and Stenberg 1997:1) بەشێوەیەکی دیکە، فرەکولتووری بریتییە: لە چەمکێکی فرەڕوویی کە بۆ پێناسەکردنێکی ورد پێویستی بە پاڵپشتییەکی بەهێز هەیە، لەو بارەیەوە تیۆریستێك بەناوی هۆم پێیوایە ئەرکی فرەکولتووری وەکو هێمایەکی جووڵاو (دینامیکی) دەبینی کە مانا و توانای ستراتیژی لە چوارچێوە وەرگیراوەکەوە دەدۆزێتەوە، کە ئەویش بوونی فرەیی و جیاوازییە لە بوارەکانی نەتەوەیی و ئایینی و کولتووری (Gunew, 2004, 28). جون بیری (J. Berry) پێیوایە کۆمەڵگەی فرەکولتووری ئەو کۆمەڵگەیانە دەگرێتەوە کە جیاوازی ئێتنیکی و ئایینی و کولتووری تێدا ڕەنگبداتەوە و تێیدا پارێزگاری لە جیاوازییەکان بکرێت و بەشداری کارای هەمووان لە سیاسەت و کولتووری گشتی ئەم وڵاتەدا بەکردار ببیندرێت، هەروەها پێکەوەبوون و هاوبەندی کۆمەڵایەتی و یەکانگیری کۆمەڵایەتی تێیدا بوونی هەبێت و هیچ گرووپێك بەلاوە نەنرێت (Berry,1980 :12). هەروەها کۆمەڵگەی فرەکولتووری چەند بنەمایەکی سەرەکی و هاوبەش کۆیکردوونەتەوە، لەوانە؛ کەلەپووری کەمینەکان، گرووپە کۆچبەرەکان، گرووپە ئایینەکان، نەتەوەکان، کۆمەڵگە خۆجێییە جیاوازەکان (لە ڕووی کولتووری، کۆمەڵایەتی، ئازادی کەسی و گرووپی)، بەهاکانی سیکولاریزم پاش ماتریالیزمگەرایی، کە ئەمانە بنەمایی سەرەکین لە بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی فرەکولتووریيدا (Erik&Ersson, 2005 :316).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە دەرەنجامی ئەو پێناسەی خستمانەڕوو بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمەڵگەی فرەکولتوور؛ بریتییە لەو کۆمەڵگەیانەی کە نەتەوە و ئایین و کولتوور و زمانی جیاجیایان تێدایە، بەجۆرێك تێکەڵاوبوونی کولتووری و قبوڵکردن و پێکەوەژیان و دداپێدانان بە پێکهاتە جیاوازەکان و پاراستنی مافیان و بەرجەستەکردنی یەکسانی لەرەخساندنی دەرفەت بۆ هەمووان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی تێیدا ڕەنگدەداتەوە، بەشێوەیەك هاووڵاتیبوون و دیموکراسی دەبنە چەقی ژیان و پێکەوەبوون و ئازادییە کەسی و گرووپییەکان بۆ هەمووان بە یاسا بەرجەستەدەکرێت و ڕێکدەخرێت.

## 6- توێژینەوەکانی پێشوو:

یەکەم؛ توێژینەوەی (التعددية الثقافية وسياسيات الهوية: دراسة في ثنائية الوحدة والتعددية) تێزی دکتۆرای (ساره غربی)ـیە لە زانکۆی باتنە-الحاج الخضر لە جەزائیر، ئەم توێژینەوە بەقووڵی باسی فرەکولتووری لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دەکات، بەتایبەت ئەو بنەما سەرەکییانەی کە هۆکارن بۆ کۆکردنەوە و لەیەکتر تێگەیشتن و یەکگرتن لە چوارچێوەی ناسنامەیەکی گشتیدا. توێژەر لە پێشەکییەکەدا ئاماژەی بەوە داوە کە فرەکولتووری لیبراڵی هۆکاری سەرەکی کۆکەرەوەی جیاوازییەکانە لەناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، کە پارێزگاری لە ماف و داخوازییە گشتییەکانیان دەکات، بەجۆرێك ددانپێدانان بە مافی کولتوورە جیاجیاکان و ڕەخساندنی کەشێکی گونجاو بۆ هەمووان لە پیادەکردنی مافەکانیان و ڕێزگرتن لە فرەیی ئایینی و نەتەوەیی و جیاوازییەکان.
پرسیارە سەرەکییەکانیشی بریتیین لە: دەوڵەت چۆن مامەڵە لەگەڵ واقیعی کولتوورە جیاجیاکاندا دەکات؟ سەقامگیری دەوڵەت پەیوەست نییە بە دداپێدان بە مافی کولتوورە جیاوازەکان؟
ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی تیۆرییە و بنەمای وەسفکردن و شیکردنەوەی بەکار هێناوە. سوودیشی لە تیۆری (سيلابن حبيب) وەرگیراوە، پەیوەست بە فرەکولتووری لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و چۆنیەتی پەیرەوکردنی مافی ئایین و ئێتنیکە جیاوازەکان. هەروەها تیۆری (چارلز تایلو)، سەبارەت بە سیاسەتی ددانپێدانان بەناسنامە جیاوازەکان.
لە کۆتاییدا توێژەر گەیشتۆتە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە:
یەکەم؛ ڕێزگرتن لە جیاوازییە کولتوورییەکان و ددانپێدانیان، هۆکارێکن بۆ سەقامگیری و پێکەوەژیان، بەجۆرێك کە هیچ گرووپێك فەرامۆش نەکرێت و ژیان بە جیاوازییەکان ببەخشێندرێت، کە ئەمەش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مافێکی سروشتییە. دووەم؛ هاندانی زیاتر بۆ پێکەوەبوون و بەرجەستەکردنی دێموکراسی و دڵنیایی لە بەشداری ڕاستەقینەیی هەموو گرووپەکان لە لایەنە جیاجیاکانی ژیان و، یەکسانی و ژیانکردن بۆ هەمووان لەناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، بەشێوەیەك کە گرووپە جیاوازەکان پیادەی مافەکانیان بکەن و ئەرك و ماف و بەرپرسیاریەتی بەشێوەیەکی یەکسان دابەشبکریت و هەمووان بتوانن پیادەی کولتووره جیاوازەکانیان بکەن. سێیەم؛ ددانپێدانان بە مافی ئایینە جیاجیاکان و پاراستن و ڕیزگرتن لە ئایینە جیاوازەکان، بەشێوەیەك کە بتوانن پیادەی ڕێوڕەسم و سرووتە ئایینییەکانیانی خۆیان بکەن. چوارەم؛ پێکەوەژیان لە نێوان کولتووره جیاوازەکان پیادە بکرێت، سەرەڕای جیاوازی ناسنامەیان. پێنجەم؛ بەرجەستەکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و، سەرووەربوونی یاسا بۆ هەمووان و جێبەجێکردنی دێموركراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

توێژینەوەی دووەم؛ لێکۆڵینەوەی (حسام الدين على مجيد) بەناونیشانی (اشكالية التعددية الثقافية فى فكر السياسى المعاصر، جدلية الاندماج والتنوع) لەم توێژینەوەیەدا باس لە پاراستنی مافە کولتووری و ئێتنیکی و ئایینییەکان کراوە، بەجۆرێك کە ناسنامە جیاجیاکان پارێزراو بن لە ژێر ڕۆشنایی سیاسەتی گشتی و پیادەکردنی دێموکراسی و پاراستنی مافی کەمینەکان.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە 1-تێگەیشتنی قووڵ لە فرەکولتووری و پاراستنی جیاوازییەکان. 2 دۆزینەوەی بۆچوونەکان لەسەر بنەمای تیۆرەکان لە چوارچێوەی فرەکولتووری لیبراڵی و نالیبراڵییەکان. 3 هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسی لە گرنگی فرەکولتووری، بۆ بەرجەستەکردنی سەقامگیری و یەکگرتووی دەوڵەت، بەجۆرێك سیاسەتی گشتی ئەم بەرپرسیاریەتیە چۆن دەبینێت و پیادەی دەکات.

لەم توێژینەوەیەشدا سوود لە تیۆری (ویل کمیلکا) پەیوەست بە فرەکولتووی وەرگیراوە. ئەم توێژینەوەیە کە توێژینەوەیەکی شیکاریی و ڕەخنەییە و میتۆدی چۆنایەتی تێدا بەکارهاتووە، کە پشتی بەستووە بە چاوپێکەوتن و سوود وەرگرتن لە بەڵگەنامەکان و تێبینیکردن.

## گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشووتر:

لەم توێژینەوەیەدا دوو توێژینەوەی پێشووخراوەتە ڕوو، کەهەر دووکیان لەوڵاتانی عەرەبیدا کراون، کە جۆرێك لە نزیکی لەبواری فرەیی نەتەوەیی و ئایینی تێیدا هەیە، کە سوود لە تیۆرەکانی (سیلابن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حبیب) و (ویل کمیلکا) وەرگیراوە، لە دەرئەنجامەکانیاندا جەخت لەسەر برەودان بە پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایینی و کولتووری دەکرێتەوە، کەهۆکاری سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییە، هەروەها بنەمای پێکەوەژیان و گەشەپێدانی کۆمەڵگەکانە.

**تەوەری دووەم: بانگراوندی تیۆری توێژینەوە**

**یەکەم: تیۆری هاوبەندی کۆمەڵایەتی–Social Cohesion**

تیۆری هاوبەندی کۆمەڵایەتی مێژوویەکی قووڵی نییە، ئەگەرچی دۆرکهایم لەبەرانبەر ئەم چەمکەدا هاوکاری (Solidarity) بەکارهێناوە، دابەشی دەکات بۆ دووجۆر؛ یەکەمیان: هاوکاری و یەکانگیریی میکانیکی کە خەسڵەتی کۆمەڵگە بچووك و نەریتەکانە. دووەمیان؛ هاوکاری و یەکانگیری ئۆرگانی، کە کۆمەڵگەی ئاڵۆز و مۆدێرن و پێشکەوتووەکان گەشەی پێدەدەن (Durkheim,2013:1984). ئەمیل دۆرکهایم پێیوایە کە پلەی هاوبەندی کۆمەڵایەتی پشت بە سروشتی ئەو گرووپ و رێکخراوە و کۆمەڵگەیانە دەبەستێت کە بەشێوەی گەورە و ڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر شێوازەکانی ڕەفتاری تاکەکان. ئەم تیۆرە لەوکاتەدا بەکاردەهێندرێت کە چەند تایبەتمەندییەك بوونیان هەبێت، بۆ نموونە پشت بەستنی تاك بە پێوەر و بەها هاوبەشەکانەوە، هاوبەندی تاکەکانی گرووپ بەهۆی بەرژەوەندی هاوبەشەوە، (الحسن، 1999: 483) ئەم هاوبەشییە بەهۆی کولتوور، ئایین، نەتەوە و بەهاکانەوە بونیاد دەندرێت.

تیۆری هاوبەندی کۆمەڵایەتی؛ لە دوو کۆمەڵگەی جیاجیادا بەکاردەهێندرێت، بەدوو ئاڕاستەی جیاواز، لەکۆمەڵگە نەرتییەکاندا، کە کولتوور کەمتر گۆڕانکاری بەسەردا دێت و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەهێزە و پابەندبوون بە نەریتەکان بە بەهێزی دەبیندرێت، بنەمای هاوکاری و یەکگرتووی بە بەهێزی دەبیندرێت، بەتایبەت پابەندبوون بە بەها کۆمەڵایەتییەکان و هابەندی کۆمەڵایەتی بەڕوونی دەبیندرێت، بەڵام لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا، جیاوازییەکان زیاتر کاڵ دەبنەوە و هاوبەندییەکی ئۆرگانی و فەرمی بوونی هەیە، بەشێوەیەك لە چوارچێوەی یاسادا ئەم بابەتانە رێکخراون.

لەهەرێمی کوردستاندا هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی نەتەوەیی جۆرێك لە پەیوەستبوونی بە نەریتە دیاریکراوەکانی خۆي هەیە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هاوکاری و پەیوەستبوون بەیەکترەوە بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەهێزی دەبیندرێت، بەڵام ئەم هاوبەندییە نەگوازراوەتەوە بۆ کولتوورەکان، بەڵکو زیاتر هاوبەندییەکە لەناو یەك کولتووردا چەقی بەستووە.

(جێنسۆن) چەمکی هاوبەندیی کۆمەڵایەتی بەسەر چەند ڕەهەندێکی پێکهێنەردا دابەشدەکات: یەکەم؛ ئینتیما-گۆشەگیری: ئەم ڕەهەندە لایەنی بەها، ناسنامە و هەستی پابەندبوونی هاوبەشی گرووپی دەگرێتەوە. دووەم؛ لەخۆگرتن- لەخۆنەگرتن: ئەم دوو لایەنە بنەمای سەرەکیی بونیادنانی هاوبەندی کۆمەڵایەتین، کە خاڵی سەرەکی بریتییە لە ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەکان، وەکو خزمەتگووزارییەکان، ئابووری و داهات، کارکردن). سێیەم؛ بەشداریکردن-بەشداري نەکردن: ئەمەش دەچێتەوە ئەو چوارچێوەیەی کە تا چەند ڕەزامەندن بەشداربن لە چالاکییە سیاسی و ئابووری و کولتوورییەکان. چوارەم: ڕەوایەتی- ناڕەوایەتی: لەکۆمەڵگە فرەڕەنگەکاندا، پێویستە دامەزراوەیەك بونیادبندرێت کە ڕۆڵی ناوبژیوانێکی بێلایەن بگێرێت لە یەکلاکردنەوەی ململانێکاندا (Jenson,1998 :15-17).

**دووەم: تیۆری فرەکولتووری**

(سیلا بن حەبیب SeylaBenhab) (1950)؛ ئافرەتێکی بە نەتەوە تورك و بە ئایین یەهودیە، فرەکولتووری، بە دیدگای سیلا بن حەبیب ڕەتی تاکایەتی دەداتەوە و بانگەشەی فرەیی دەکات بۆ کۆمەڵە کولتوورییە جیاجیاکان، ئەو پێیوایە سەرەتای قۆناغی فرەکولتووری لە ئەمریکا بوو لە ناوەڕاستی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان تاوەکو ئێستا بۆیە کۆمەڵگەی ئەمریکی ئەوسا و تا ئێستاش لە دۆخێکی فرەیی کولتووری و نەژادی دەژیت، بۆیە زۆرینەی بیرمەندانی ئەو قۆناخە ئەمریکین، وەك جودیت بوتلەر (Judith Botler) و نانسی فریزر (Nancy Freaser)( نانسي فرانز) و ئەکسڵ هونیت (Axel Honneth)، ئەوانە کۆمەڵێك کتێب و لێکۆڵینەوە کۆکیکردوونەتەوە، لە میانەیاندا هەوڵی تیۆریزەی ئەم فرەییە کولتووریەیان داوە، بەڵام (سیلا) کاری کردووە لەسەر تیۆریزەی ئەم چەمکە و هەوڵی داوە بیبەستێتەوە بە لایەنی کرداریانەی تایبەت بە سیاسەتی ئەم وڵاتانە لەنێوان خۆیاندا (مجید، 2006: 149)، (سیلا) هەوڵی پتری داوە لە بیرمەندانی دیکە لە قوتابخانەی فرانکفۆرت، لەوانیش (هابەرماس) کە زۆر سوودی بینیوە لە تێزە تیۆرییەکانی و کاریکردووە بیگوازێتەوە لە بواری تیۆری بۆ بواری کرداری. گرنگترینی ئەوەی ئەم قۆناخە جیادەکاتەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بریتییە لە پەیوستیی کاتی بە قۆناخێکی دواى نوێگەری، هەروەها پەیوستی بە بیرۆکەی ڕێژەیی کولتووری، ئەم بیرۆکەی دەڵێ: ناکرێ کولتوورێك بسەنگێنین و وێناکردنێك لەبارەیەوە هەبێت، مەگەر بە شێوەیەکی ڕێژەیی، بە گوێرەی پێودانگەکانی خودی ئەم کولتووره، نەوەك بە پێودانگە تایبەتییەکانی کولتوورێکی تر، هەروەها ئەم ڕوانگەیەشی لێ وەرگرتووە کە دەڵێ: ڕەفتاری ئەخلاقیانەی کولتوورێك هیچ نییە جگە لە ڕەفتارێکی ڕێژەیی لە ڕووی کولتوورییەوە، ناشێ لە ڕێگەی ئەوانەوە بیسەنگێنین کە ئینتیمایان بۆ هەمان کولتوور هەیە (مجید، 2006: 151).

(سیلا بن حەبیب) جەخت لەسەر دانان بە کولتووره جیاوازەکان دەکاتەوە و دەڵێ: جیاوازیی کولتووری ڕێبەریکردنی شەڕ و ئاژاوەیە، هەروەها (سیلا بن حەبیب) لە کتێبی The Claims of Cultureیدا دەیخاتە ڕوو: هاوشێوەبوون و جیاوازی لە هەموو سەردەمێکدا "کۆمەڵێ پرسی بەردەوامی سیاسین، لەوانیش پرسی جیاوازیی و فرەجۆریی کولتووری، هەروەها دانپێدان بەجیاوازییە کولتوورییەکان و پاراستنی مافی کەمینە ئایینی و ئێتنیکی و کولتوورییەکان بەهەند وەربگیرێت و بنەمای دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و گەشەسەندوو، بەجۆرێك دادپەروەری و یەکسانی و مافی گرووپ و کولتووره جیاوازەکان بەرهەمی سیاسەتی کولتوورین، کە تێگەیشتنی نێوان کولتوورەکانی لێدەکەوێتەوە (Benhabib,2002;107-109).

## تەوەری سێیەم: خستنەڕووی ئەنجام و شیکردنەوەی زانیارییەکان

### یەکەم: تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوە

خشتەی (1) تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو

| % | ژمارە | | | |
|---|---|---|---|---|
| 61.0% | 326 | نێر | ڕەگەز | 1 |
| 39.0% | 208 | مێ | | |
| 30.7% | 164 | 18-27 | تەمەن | 2 |
| 31.8% | 170 | 28-37 | | |
| 21.2% | 113 | 38-47 | | |
| 9.6% | 51 | 48-57 | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| % | ژمارە | | | |
|---|---|---|---|---|
| 6.7% | 36 | 58+ | | |
| 1.1% | 6 | نەخوێندەوار | ئاستی خوێندن | 3 |
| 5.6% | 30 | سەرەتایی | | |
| 8.2% | 44 | ناوەندی | | |
| 13.1% | 70 | ئامادەیی | | |
| 18.4% | 98 | پەیمانگە | | |
| 45.3% | 242 | زانکۆ | | |
| 8.2% | 44 | خوێندنی باڵا | | |
| 0.7% | 4 | زۆر خراپ | باری ئابووری | 4 |
| 5.1% | 27 | خراپ | | |
| 63.3% | 338 | مامناوەند | | |
| 27.7% | 148 | باش | | |
| 3.2% | 17 | زۆرباش | | |
| 42.7% | 228 | هەولێر | شوێنی نیشتەجێبوون1 | 5 |
| 24.0% | 128 | سلێمانی | | |
| 25.3% | 135 | دهۆك | | |
| 8.1% | 43 | هەڵەبجە | | |
| 56.9% | 304 | ناوشار | شوێنی نیشتەجێبوون2 | |
| 27.0% | 144 | شارۆچکە | | |
| 8.6% | 46 | شارەدێ | | |
| 7.5% | 40 | گوند | | |
| 80% | 427 | کورد | نەتەوە | 6 |
| 7.5% | 40 | تورکمان | | |
| 10.3% | 55 | کلد و ئاشووری | | |
| 1.8% | 10 | عەرەب | | |
| 0.4% | 2 | هی دیکە | | |
| 70% | 374 | موسڵمان | ئایین | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | ژمارە | % |
|---|---|---|---|---|
| 7 | | مەسیحی | 60 | 11.2% |
| | | ئێزیدی | 28 | 5.2% |
| | | کاکەیی | 22 | 4.% |
| | | زەردەشتی | 9 | 1.7% |
| | | یەهودی | 9 | 1.7% |
| | | بێ ئایین | 15 | 2.8% |
| | | بەهائییەکان | 5 | 0.9% |
| | | صائیبەی مەندائی | 5 | 0.9% |
| | | هی دیکە | 7 | 1.3% |

لە ئەنجامی توێژینەوەکەماندا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕەگەزی نێر %61یان پێکهێناوە و مێ %39ی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە. ناهاوتایی لە ڕێژەی توێژینەوەکەدا هەیە، بەڵام ئەمە مایەیی کێشە و ئاستەنگ نییە، چونکە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەدا پیاو زیاتر بەشداری کارای لە پرسە سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکاندا دەکات، لە لایەکی دیکەوە بەهۆکاری دابونەریتی کۆمەڵایەتی و خۆپارێزی ئافرەتان کەمتر وەڵامدەرەوەی ئەم فۆرمانە بەهەند وەردەگرن، بۆیەش هەوڵێکی زۆرمان داوە بەپێی تایبەتمەندی ناوچە جوگرافیاییەکانیش بەشداری کارای ئافرەتان لە پڕکردنەوە و بەشداریکردن هەبێت.

هەروەها سەبارەت بە تەمەن وەکو گۆڕاو؛ بەپێی زانیارییە بەدەستهاتووەکان؛ ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان 28تا 37ساڵیدایە، (31%) زۆرترین نموونەی توێژینەوە پێکدەهێنن. لە ڕێزبەندی دووەمدا ئەوانەن کە تەمەنیان لە نێوان 18تا 27ساڵیدان ڕێژەی (30%)ی پێکدەهێنن. لە ریزبەندیی سێیەمیش ئەوانەن کە تەمەنیان لە نێوان 38تا47ساڵیدان کە ڕێژەی (21.2%) پێکدەهێنن. بە ڕێژەیەکی کەمتر لەوانیش 48تا 57ساڵین کە ڕێژەی (9.6%) پێکدەهێنن، کەمترین ڕێژەش بریتییە لە تەمەنی 58 بۆ سەرەوە کە ڕێژەی (6.7%)پێکدەهێنن.

لە ئەنجامی توێژینەوەکە بۆمان دەردەکەوێت کە زیاتر لە نیوەی نموونەی توێژینەوە کە ئەو کەسانەن کە لەتەمەنی گەنجیەتیدان، ئەمەش بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەمیان؛ بەشداری کارای گەنجان

لە پرسە سیاسی و کولتوورییەکان و حەزکردن بۆ دەربڕینی دیدگا و بۆچوونەکانیان. دووەمیان؛ دیدگا و خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ بارودۆخەکان.

هەروەها سەبارەت بە گۆڕاوی ئاستی خوێندن؛ بەپێی خشتەی زانیارییەکان دەرکەوتووە کە زۆرترین ئەوانەی بەشداری توێژینەوەکەیان کردووە دەرچووی زانکۆن، کە (45.3%)پێکدەهێنن، ئەمەش دەرخەری زۆری ڕێژەی دەرچووی زانکۆیە لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ئاماری فەرمی وەزارەتی خوێندنی باڵا تەنیا لە ساڵی 2021 (43277) قوتابی لە زانکۆ و پەیمانگەکان وەرگیراون (وەزارەتی خوێندنیی باڵا، 2021). ئاستی دەرچووی پەیمانگە بەرێژەی دووەم دێت کەبریتییە لە (18.4%)، ئاستی سێیەم دەرچووانی ئامادەیین بریتییە لە (18.2%)ـن. ئاستی نزمیتریش بریتییە لە خوێندنی باڵا و ئاستی ناوەندی کەهەر دووکیان بە هەمان ڕێژە بەشدارن لەتوێژینەوە کە بریتیین لە (8.2%). دوای ئەوانیش ئاستی سەرەتاییە کە بریتییە لە ڕێژەی (5.6%). نزمترین ئاستیش بریتییە لە ئاستی نەخوێندەواری کە ڕێژەکەی بریتییە لە (1.1%).

لە لایەکی دیکە سەبارەت بە گۆڕاوی باری ئابووری؛ بەپێی زانیارییە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە، ئەوانەی کە بەشداربوون بە ڕێژەی (63.3%)مامناوەندبوون، هەروەها بەپێی توێژینەوەکە (27.7%)ئەو کەسانە بوون کە بارودۆخیان باش بووە. نزمتر لەم ڕێژەیە ئەوانەن کە بارودۆخیان خراپە کە بریتین لە ڕیژەی (5.1%). نزمیتر لەو ڕێژەیەش ئەوانە کە بارودۆخی ئابوورییان زۆر باشە کە بریتیین لە ڕێژەی (3.2%). نزمترین ئاستی ئابووری کە زۆر خراپەیە بریتین لە ڕێژەی 0.7% (نموونەی توێژینەوە.

سەبارەت بە گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون دەرکەوتووە کە؛ پارێزگای هەولێر زۆرترین بەشداربووی توێژینەوەکەمان پێکدەهێنێت کە بریتییە لە ڕێژەی (42.7%)، زۆری ڕێژەکە بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە کە گرینگترینیان بریتیین لە (زۆری پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان) و ( زۆری دانیشتوانی ناو سەنتەری پارێزگای هەولێر). دووەمیش بریتییە لە پارێزگای دهۆك کە ڕێژەکەی بریتییە لە (25.3%). سێیەمیش پارێزگای سلێمانییە کە بریتییە لە (24%)و نزمترینش پارێزگای هەڵەبجەیە کە بریتییە لە (8.1%). شوێنی نیشتەجێبوون کاریگەری لەسەر جۆری بیرکردنەوە هەیە، چونکە لە هەرێمی کوردستاندا لە هەندێ ناوچەدا تێکەڵبوونی ئایینی و نەتەوەیی بە بەرفراوانی بووە و لە سنووری یەك جوگرافی دیاریکراودا پێکەوە دەژین، لەهەندێ ناوچەشدا بە پێچەوانە زۆر بەدەگمەن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم پێکهاتانەی تێیدا دەبینیت. لەهەندێ ناوچەدا بنەماڵە بە ناوی جوو هەبووە، هەر بەجووش بەناوبانگ بوون(وەکو قەڵادزێ) یان گەرەك بە ناوی جولەکەکان هەبووە، بەڵام بەهۆکاری جیاجیا ئێستا گۆڕانکاری ڕویداوە.

هەروەها سەبارەت بە گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوو بە گوێرەی (ناوسەنتەری شار، شارۆچکە، شارەدێ، گوند)؛ زۆرترین بەشداربووی توێژینەوەکە بریتییە لە دانیشتوانی ناو شارە گەورەکان، کە ڕیژەی (56.9%)پێکدەهێنێت. دواتر شارۆچکە دێت کە بریتییە لە (27%)ـی توێژینەوەکەیە. نزمیتر لەم ئاستە شارەدێیە کە (8.6%)ـی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت. نزمترین ئاست لە بەشداربووی توێژینەوەکە بریتییە لە گوند کە (7.5%)پێکدەهێنێت.

سەرەڕای ئەوەش، سەبارەت بە گۆڕاوی نەتەوە بۆمان دەرکەوتووە کە زۆرترین بەشداربووانی نموونەی توێژینەوەکە لە نەتەوەی کورد پێکهاتووە، کە (80%)یە، کلدۆ ئاشووری (10.3%)پێکدەهێنن، تورکمان (7.5%) پێکدەهێنن، عەرەب (1.8%)پێکدەهێنن، هي دیکە (0.4%) پێکدەهێنێت.

هەروەها سەبارەت بە گۆڕاوی ئایین بۆمان دەرکەوتووە کە موسڵمان (70%) بەشداربووانی توێژینەوەکە پێکدەهێنن. مەسیحی (11.2%)ـی ئەندامانی توێژینەوەکە پێکدەهێنن. ئێزیدییەکان ڕێژەی (5.2%) پێکدەهێنن. کاکەیی ڕێژەی (4%.) پێکدەهێنن. بێ ئایین ڕێژەی (2.8%) پێکدەهێنن. زەردەشتی ڕێژەی (1.7%) و یەهودی ڕێژەی (1.7%) پێکدەهێنن. هی دیکەش، کە مەبەست لە ئایینی دیکەیە کە توێژەر دیاری نەکردووە (1.3%) پێکدەهێنن، نزمترن ئاستی بەشداربووانیش بەهائییەکان و صائیبەی مەندائی کە هەر یەکەیان ڕێژەی (0.9%) پێکدەهێنن.

**دووەم: پێکەوەژیانی نەتەوەیی و گۆڕاوی تەمەن**

لێرەدا بە گرتنەبەری هاوکێشەی ئاماریی گونجاو، ئاستی جیاوازیی و پەیوەندییەکانی نێوان هەر حەوت ڕەهەندەکەی توێژینەوەکەمان و گۆڕاوی تەمەن دەخەینەڕوو. لەسەرەتادا ڕەهەندی نەتەوەیی و گۆڕاوی تەمەن دەخەینەڕوو؛ کە پرسیارەکانی لە بواری پێکەوەژیانی نەتەوەیدا ڕەنگیداوەتەوە و، P-Value بریتییە لە (0.026)، واتە هەبوونی ئاستی مەعنەویی جیاوازییە لە نێوان ئاستەکانی (تەمەن)دا، بە مانایەکی دیکە، جیاوازیی ئاستەکانی تەمەن هۆکار بووە بۆ دروستبوونی جیاوازی لە گۆشەنیگایان بەرانبەر پرسی پێکەوەژیان بەشێوەیەکی گشتی، کە بە گوێرەی داتا ئامارییە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەدەستهاتووەکان دەرکەوتووە کە بەرزترین ئاست بۆ ئەو کەسانەیە کە تەمەنیان لە 58 ساڵ بۆ سەرەوەیە کە ناوەندی ژمێریاری (2.647) و لادانی پێوەریشی بریتییە لە(0.325)، ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە ئەو کەسانەی بە تەمەنن تێگەیشتن و ئاستی پێکەوەژیانی نەتەوەییان زیاتر و جیاوازترە بە بەراورد بە ئاستە تەمەنییەکانی دیکە، بەتایبەت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە نێوان (18-27) ساڵە، چونکە بە گوێرەی داتا ئامارییەکانی توێژینەوە دەرکەوتووە ئەو ئاستە تەمەنییە کەمترین ناوەندیی ژمێرەییان هەیە کە بریتییە لە(2.510)، ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی دەرخەری ئەوەیە کە پرۆسەی پێکەوەژیانی نەتەوەیی بەقووڵی لەم ئاستەی تەمەندا ڕەنگی نەداوەتەوە، بە مانایەکی دیکە، تا تەمەنی مرۆڤ بەرەو سەرەوە بڕوات، ئاستی تێگەیشتنیشی کاملتر دەبێت و پرسی قبوڵکردنی جیاوازییەکان لە ئاستی نەتەوەیی زیاتر و بەرفراوانتر دەکات. تەنانەت ئەگەر بە وردی سەرەنجی بەهای تاقیکردنەوەی (کروسکال والیس)ـەکەی بکەین کە بریتییە لە (11.019) لە ئاستی باوەڕی (0.05)ـدا، ئەم ڕێژەیەش بەرزە و بەمانای پێوەری بەهێزی جیاوازی دێت لە دیدگای ئاستی تەمەنە جیاوازەکان بۆ پێکەوەژیانی نەتەوەیی.

تەنانەت لەو گفتوگۆیانەی کە ئەنجامیشمان داوە، پاڵپشتیی ئەو داتا ئامارییە بەدەستهاتووە دەکەن، چونکە پیاوێکی مەسیحی (تەمەن 65ساڵ- مامۆستای خانەنشین) لە شارۆچکەی شەقڵاوە، پێیوابوو کە ئەو تەمەنێکە لەگەڵ برا موسڵمانەکان لە شەقڵاوە پێکەوە دەژین و چەندین مامۆستای موسڵمانی هاوڕێی هەیە و زۆر ڕێز لە بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی یەکتر دەگرن، جیاوازییە نەتەوەییەکانی نێوانیان کاریگەریی لەسەر ئاستی پێکەوەژیانمان نەبووە. وێڕای ئەوەش، ئافرەتێکی تورکمانی هەولێر کە تەمەنێکی زۆر لە تەیراوە بەسەربردووە، دەیگوت لەگەڵ کوردەکان تێکەڵبووین و ژن و ژنخوازی کەوتووەتە نێوانمان و پێکەوە تێکەڵبووین. بۆیە دەکرێ بڵێین لە کۆمەڵگە فرەکولتوور و فرەنەتەوەکاندا، هەرچەندە تەمەن بەرەو سەرەوە بڕوات، ئاستەکانی پێکەوەژیانی نەتەوەیش زیاتر دەبێت، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە هۆشیاری تاك و گرووپ بچێتە قۆناغێکی دیکەوە و ڕیزگرتن و لێبووردەیی و پێکەوەکارکردن و خۆشەویستی تێیدا قووڵ ببێتەوە، ئەمەش هەر یەك لە سیستەمەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ڕۆڵ و کاریگەری بەهێز دەنوێنن وتەواوکەری یەکترن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (2) پەیوەستی و جیاوازیی تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی پێکەوەژیانی نەتەوەیی دەخاتەڕوو

| ڕەهەند | تەمەن | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | Kruskal-Wallis H | ئاستی باوەڕداری P-Value |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پێکەوەژیانی نەتەوەیی | 18-27 | 164 | 2.510 | 0.298 | 11.019 | ئاماژەدارە (0.05) |
| | 28-37 | 170 | 2.575 | 0.278 | | |
| | 38-47 | 113 | 2.594 | 0.268 | | |
| | 48-57 | 51 | 2.639 | 0.245 | | |
| | 58+ | 36 | 2.647 | 0.325 | | |
| | Total | 534 | 2.570 | 0.285 | | |

**سێیەم: کاریگەری ئاستەکانی خوێندن لەسەر پێکەوەژیانی نەتەوەیی**

سەبارەت بە پەیوەستیی و جیاوازیی ڕەهەندی نەتەوەیی بە ئاستی خوێندەواری دەرکەوتووە کە جیاوازی بەدی ناکرێت لە ئاستی باوەڕداریی (0.05) و (0.01)، چونکە P-Value بریتییە لە (0.097)، هەروەها بەهای تاقیکردنەوەی کروسکال والیسش بریتییە لە (10.724)، ئەم ئەنجامە ئامارییەش ڕێژەکەی بەرز نییە، کە ئەمەش نەبۆتە هۆی دروستبوونی جیاوازی.

بە مەبەستی پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە مادەی (4)ـی یاسای وەزارەتی پەروەردە مافی خوێندن بە زمانی دایك بۆ گشت پێکهاتەکان دابین کراوە، لە ئێستاکە لە هەرێمی کوردستان پرۆگرامەکانی خوێندن بە زمانی کوردی (زاراوەی سۆرانی، بادینی)، عەرەبی، تورکمانی، سریانی و ئینگلیزی ئامادە دەکرێت، لە کابینەی هەشتەم گرنگی زیاتر بەم بابەتە دراوە بۆ ئەوەی بتواندرێت ئەم برگە یاساییە بەتەواوەتی جێبەجێ بکرێت.

جێگەی ئاماژەدانیشە، هەر لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتییەوە تا نۆی بنەڕەتی کتێبی (کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان) دەخوێندرێت، ئەم کتێبە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ پەرەدان بە پرۆسەی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی و خستنەڕووی کولتووری جیاواز لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام (ئیحسان ئامێدی) کە رۆشنبیرێکی خەڵکی دهۆکە پێیوایە: لە رووی نووسینەوە لە سیستەمی خوێندن گۆڕانکاری لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خزمەتی پێکەوەژیان کراوە، بەڵام لە بیروباوەڕی خەڵک و بەتایبەت مامۆستایکان و وانەبێژاندا کە هەر هەڵگری بیروباوەڕی توندڕەوی ئایینی و نەتەوەیین نەتوانراوە ژینگەیەکی یەکترقبوڵکردن بە یەکسانی بەدی بێنن(چاوپێکەوتن،2021).

(شاهزاد حسێن)یش کە مامۆستای زانکۆیە، پێیوایە لە زانکۆکاندا بابەتی مافەکانی مرۆڤ دەخوێندرێت، کە تێیدا بەڕوونی مافی پێکهاتە جیاوازەکان و دیموکراسی و هاووڵاتیبوون ڕەنگیداوەتەوە، ئەمەش لەسەر تێڕوانینیان بۆ پرسی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەموو ئاستەکاندا کاریگەری هەیە، ئەم کاریگەرییەش دەکرێ بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە بیروبۆچوون و ڕەفتارەکانیان ڕەنگ بداتەوە (چاوپێکەوتن،2021).

خشتەی(3) پەیوەستی و جیاوازیی ئاستی خوێندەواریی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی پێکەوەژیانی نەتەوەیی دەخاتەڕوو

| P-Value | Kruskal-Wallis H | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | ژمارە | ئاستی خوێندەواری | ڕەهەند |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاماژەدار نییە | 10.724 | 0.252 | 2.643 | 6 | نەخوێندەوار | پێکەوەژیانی نەتەوەیی |
| | | 0.283 | 2.676 | 30 | سەرەتایی | |
| | | 0.297 | 2.526 | 44 | ناوەندی | |
| | | 0.294 | 2.569 | 70 | ئامادەیی | |
| | | 0.259 | 2.606 | 98 | پەیمانگە | |
| | | 0.287 | 2.542 | 242 | زانکۆ | |
| | | 0.297 | 2.604 | 44 | خوێندنی باڵا | |
| | | 0.285 | 2.570 | 534 | Total | |

**چوارەم: کاریگەری گۆڕاوی باری ئابووری لەسەر پێکەوەژیانی نەتەوەیی**

سەبارەت بە کاریگەری و پەیوەستیی گۆڕاوی ئابووری بەسەر کۆی ڕەهەندەکانی توێژینەوەکەمانەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە پەیوەستیی ڕەهەندی نەتەوەیی بە گۆڕاوی باری ئابووری (زۆر خراپ، خراپ،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مامناوەند، باش، زۆر باش) بوونی نییە لە ئاستی باوەڕی (0.01 و 0.05)، بەجۆرێك P-Value بریتییە لە (0.696) و بەهای تاقیکردنەوەی کروسکال والیسش (2.214)ـە.

خشتەی (4) پەیوەستی و جیاوازیی گۆڕاوی باری ئابووری نموونەی توێژینەوەکە بەپێی پێکەوەژیانی نەتەوەیی دەخاتەڕوو

| ڕەهەند | باری ئابووری | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | Kruskal-Wallis H | P-Value |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پێکەوەژیانی نەتەوەیی | زۆر خراپ | 4 | 2.464 | 0.244 | 2.214 | ئاماژەدار نییە |
| | خراپ | 27 | 2.492 | 0.289 | | |
| | مامناوەند | 338 | 2.578 | 0.288 | | |
| | باش | 148 | 2.570 | 0.279 | | |
| | زۆرباش | 17 | 2.563 | 0.283 | | |
| | Total | 534 | 2.570 | 0.285 | | |

**پێنجەم: کاریگەری شوێنی نیشتەجێبوون لەسەر پێکەوەژیانی نەتەوەیی**

سەبارەت بە پەیوەستی ڕەهەندی پێکەوەژیانی نەتەوەیی بە گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون لە پارێزگاکانی(هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە) دەرکەوتووە کە کاریگەریی قووڵی لەسەر جیاوازیی تیڕوانینیان بۆ ئەم پرسە هەیە، بە جۆرێك P-Value بریتییە لە (0.003) واتە ئاماژەدارە لە ئاستی باوەڕداری (0.01) و بەهای تاقیکردنەوەی کروسکال والیسش بریتییە لە (13.987)، بەرزترین ئاستی ناوەندی ژمێرەیی پارێزگای هەولێرە کە (2.6028)ـە و بەرزترین لادانی پێوەریش پارێزگای دهۆکە (0.9105) و نزمترین ناوەندی ژمێرەیی ئاستی پارێزگای دهۆکە (2.4847)ـە و نزمترین لادانی پێوەریش پارێزگای هەڵەبجەیە (0.22715)ـیە. تایبەتمەندی و چۆنایەتیی شارەکان کاریگەریی لەسەر جۆری تێڕوانیان لەسەر پرسە نەتەوەییەکان هەیە. بۆ نموونە بوونی پێکهاتە نەتەوەییەکان کەمتر لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە هەیە و زیاتر لە پارێزگای هەولێر و دهۆکن، بەرزترین ئاستی ژمێرەیی لە پارێزگای هەولێر پرۆسەیەکی ئاسایی و پەسەندکراوە، چونکە نەتەوەی جیاجیای تێدا دەژی، بەڵام

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەمترینی کە پارێزگای دهۆکە جێگای پەسەندکراو نییە، چونکە دهۆك جگە لە کورد مەسیحییەکانیش بە فراوانی لە سنوورەکەدا هەن و بوونیان هەیە، تێکەڵبوون و یەکانگیرییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە. (ئیحسان ئامێدی) دەڵێ متمانە لە نێوان پێکهاتەکاندا کەمێك لاواز بووە، کە بەشێکی بۆ نەبوونی لەیەکترگەیشتن و کەمی تێکەڵبوون دەگەڕێتەوە، لەم ناوچەیە هاوسەرگیری لە نیوان کوردێکی موسڵمان لەگەڵ مەسیحییەك، یان ئێزیدییەك تێیدا ڕوونادات، تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی نییە، لەلایەکی دیکەوە کێشەی زەویوزاریش لە نێوانیاندا بوونی هەیە، بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ خشتەی ژمارە (5)(چاوپێکەوتن، 2021).

خشتەی (5) پەیوەستی و جیاوازیی گۆڕاوی باری نیشتەجێبوونی بەگوێرەی پارێزگاکانی نموونەی توێژینەوە بەپێی پێکەوەژیانی نەتەوەیی دەخاتەڕوو

| ڕەهەند | شوێنی نیشتەجێبوون | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | Kruskal-Wallis H | P-Value |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **پێکەوەژیانی نەتەوەیی** | هەولێر | 228 | 2.6028 | 0.27984 | 13.987 | ئاماژەدارە (0.01) |
| | سلێمانی | 128 | 2.5882 | 0.29052 | | |
| | دهۆك | 135 | 2.4847 | 0.29105 | | |
| | هەڵەبجە | 43 | 2.608 | 0.22715 | | |
| | Total | 534 | 2.5698 | 0.28517 | | |

**شەشەم: کاریگەری جۆری نەتەوە لەسەر پێکەوەژیانی نەتەوەیی**

سەبارەت بە پەیوەستی ڕەهەندی نەتەوەیی بە گۆڕاوی نەتەوەدا (کورد، تورکمان، کلدۆ ئاشووری، عەرەب، هی دیکە) هەروەك لە خشتەی ژمارە (6)دا بۆمان دەردەکەوێت کە لە پرسی پێکەوەژیانی نەتەوەیی و پەیوەندی و کارلێکردنی نەتەوە و ئێتنیکە جیاوازەکانیەوە لە ئاستی باوەڕداری (0.01) و (0.05) جیاوازی نییە، بە شێوەیەك P-Value بریتییە لە (0.266) و بەهای تاقیکردنەوەی کروسکال والیسش بریتییە لە (5.218).

لە دەرەنجامی توێژینەوەکەماندا بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمەڵگەی کوردی، کۆمەڵگەیەکی فرەکولتوورە، بەڵام فرەکولتووری ناوچەیین، تەنیا لەسەر ئاستی گەڕەکەکەی خۆی لێکجیاوازن و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تێکەڵ نابن، بەڵام لەوکاتەدا کۆمەڵگەیەکی فرەکولتوور جوان دەبێ کە سیادەیەکی گشتگیر هەموویان دەپارێزێ، مافی هەمووان دابین دەکات و هەمووان گەشە دەسەنن، هەموو بەشدار دەبن ئەو کاتەیە کولتوورەکان گەشە دەکەن.

هەروەها بەبۆچوونی (عەتا قەرەداخی) یەکێک لە بنەماکانی دیاریکردنی، یان بەدەستهێنانی پێکەوەژیان بنەمای جیاوازی و بەراوردکردنە، واتە جیاوازی لەگەڵ ئەویتر و بەراوردکردن لەگەڵ ئەویتر. لەم روانگەیەوە لە هەر زەمینەیەکی فرەکولتوریدا، بنەمای دروستبوونی ناسنامە هەیە، بەتایبەتیش ناسنامەی جیاواز، یان جۆراوجۆر. کەواتە ئەم واقیعە فرەکولتورییەی کە باسمان کرد خۆی بەرهەمهێنی ناسنامەی جیاوازە بۆ هاونیشتیمانیان لەسەر ئاستی تاکەکەس، هەروەها لەسەر ئاستی ناسنامەی دەستە و گروپە جیاوازە ئیتنی و ئایینیەکانیش فرەکولتووری زەمینەی بەدەستهێنانی ناسنامەی دەستە و گرووپە جیاوازەکان دەستەبەر دەکات. واتە زەمینەی فرەکولتووری ئەو زەمینەیە کە بە سروشتی ناسنامەی جیاواز بەرهەم دەهێنێت، تا ئەو ئەندازەی کە هەرچۆن لە کۆمەڵگای فرەکولتووریدا ژیان رەنگاوڕەنگە، بەهەمان شێوە ناسنامەی رەنگاوڕەنگ، واتە جیاواز بۆ هاونیشتیمانیان بەرهەم دێت، ئەوەش وەکو بنەمایەک بۆ کۆمەڵگای کراوە سەیر دەکرێت. (چاوپێکەوتن، 2021).

خشتەی (6) پەیوەستی و جیاوازیی گۆڕاوی جۆری نەتەوەی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی پێکەوەژیانی نەتەوەیی دەخاتەڕوو

| رەهەندەکان | نەتەوە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | Kruskal-Wallis H | P-Value |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **پێکەوەژیانی نەتەوەیی** | کورد | 414 | 2.559 | 0.282 | 5.218 | ئاماژەدار نییە |
| | تورکمان | 42 | 2.588 | 0.295 | | |
| | کلدۆ ئاشووری | 57 | 2.639 | 0.291 | | |
| | عەرەب | 19 | 2.549 | 0.313 | | |
| | هی دیکە | 2 | 2.643 | 0.303 | | |
| | Total | 534 | 2.570 | 0.285 | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**حەوتەم: کاریگەری جۆری ئایین لەسەر پێکەوەژیانی نەتەوەیی**

سەبارەت بە پەیوەستی رەهەندی نەتەوەیی بە گۆڕاوی جۆری ئاییندا هەروەك لە خشتەی ژمارە (7)دا بۆمان دەردەکەوێت کە (موسڵمان، مەسیحی، ئێزیدی، کاکەیی، زەردەشتی، یەهودی، بێ ئایین، بەهائییەکان و صائیبەی مەندائی)، لە رووی پرسی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی و کارلێککردنی ئایینە جیاوازەکان و پێکەوە گفتوگۆکردن و گونجان و بەشداریکردن لە سرووتە ئایینییەکانی یەکتر لە ئاستی باوەڕی 0.05 و 0.01 جیاوازی نابیندرێت، بەمانایەکی دیکە، جیاوازی لە تێڕوانینی ئایینە جیاوازەکان بۆ پرسی پێکەوەژیانی نەتەوەیی نابیندرێت، بەشێوەیەك P-Value بریتییە لە (0.237) و بەهای تاقیکردنەوەی کروسکاڵ والیسیش بریتییە لە (11.596).

ڕەگەکانی ڕەوشی ئایینی لە کوردستانی سەردەمی ئێستاشدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەرستن و باوەڕە ئایینیانەی بە ماوەیەکی زۆر پێش دروستبونی میللەتی کورد لە ناوچەکەدا لە ئارادابوون (پرۆسەی دروستبونی میللەتی کورد، وەکو میللەت بە مانا مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکەوە). بۆیە ئەم ڕەوشە ئایینییە لە ئەنجامی پرۆسەیەکی دوورودرێژی ئێتنۆکولتووری و ئێتنۆگنێزیدا سەریهەڵداوە. (میران،2017: 24). (تۆفیق وەهبی) سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحش لە کوردستان بۆ سەدەی شازدەهەم دەباتەوە، کەچی بەگوێرەی هەندێ سەرچاوەی دیکەی مەسیحیەت گەڵێ زووتر گەیشتبووە ئەوێ. کەچی (جیو واید) پەیابوونی مەسیحیەت لە کوردستاندا بۆ رۆژگارێکی زووتر دەباتەوە. بەڕای ئەو مەسیحییەکان لە سەدەی یەکەمەوە لەم ناوچانەدا بوونیان هەبووە. (میران، 2017: 24 ـ 41)

هەروەها ئەمیر عوسمان بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پێکەوەژیانی ئایینەکانە لە وەزارەتی ئەوقاف دەڵێ لە 9-7-2017 ئەم بەڕیوەبەرایەتییە دامەزراوە، کە لە ژێر ڕۆشنایي یاسایی ژمارە (5) ساڵی (2015) کە پرۆژە یاساکە بەناوی یاسایی مافی پاراستنی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان دامەزراوە. کار لەسەر شێوازی ئیدارەکردنی ئایینە جیاوازەکان دەکات، ئەو ئایینانەی کە بوونیان هەیە لەم بەڕێوەبەرایەتیە بریتیین لە (موسڵمان، مەسیحی، ئێزیدی، کاکەیی، زەردەشتی، بەهائی و صائیبەی مەندائی)، (چاوپێکەوتن، 2021).

زۆربەی باوەڕدارانی ئایینەکان دەیانەوێت تەنانەت ژن و ژنخوازی لە ناوخۆیاندا بێت و جەختیش لەم بوارە دەکەنەوە. (تەها خدر، کە بە بنەچە خەڵکی هەولێرە و دانیشتووی سویدە) دەڵێ: کچەکەم داوەتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کوردێکی موسڵمان و ڕێگە نادەم شوو بە کەسێك بکات کە موسڵمان نەبێت، بۆ کوڕەکەشم کچێکی موسڵمانی هەولێریم بۆ هێناوە کە خزمایەتییەکی کۆنمان لەگەڵ یەکتردا هەبووە. سوفیان کە گەنجێکی ئێزیدییە و خەڵکی شنگالە دەڵێ: من هاوسەرگیریم لەگەڵ کچێکی ئێزیدی کردووە، کە هاوبیر و باوەڕی خۆمە، چونکە ئایین و دابونەریت بەم شێوەیە ڕێگەی پێداوم و باوەڕیشم بەم بیروباوەڕە هەبووە بۆیەش ئەنجاممداوە(چاوپێکەوتن،2021).

خشتەی (7) پەیوەستی و جیاوازیی گۆڕاوی جۆری ئایینی نموونەی توێژینەوە بەپێی پێکەوەژیانی نەتەوەیی دەخاتەڕوو

| ڕەهەند | ئایین | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | Kruskal-Wallis H | P-Value |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پێکەوەژیانی نەتەوەیی | موسڵمان | 368 | 2.563 | 0.279 | 11.596 | ئاماژەدار نییە |
| | مەسیحی | 60 | 2.619 | 0.298 | | |
| | ئێزیدی | 28 | 2.520 | 0.294 | | |
| | کاکەیی | 25 | 2.594 | 0.279 | | |
| | زەردەشتی | 10 | 2.686 | 0.268 | | |
| | یەهودی | 10 | 2.500 | 0.417 | | |
| | بێ ئایین | 15 | 2.438 | 0.298 | | |
| | بەهائییەکان | 5 | 2.657 | 0.192 | | |
| | صائیبەی مەندائی | 6 | 2.762 | 0.233 | | |
| | هی دیکە | 7 | 2.612 | 0.270 | | |
| | Total | 534 | 2.570 | 0.285 | | |

## ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

### یەکەم: ئەنجامەکانی توێژینەوە

1- پەیوەست بەگۆڕاوی تەمەن، بەپێیی دەرئەنجامەکان دەرکەوتووە کە بەرزترین ئاست بۆ ئەو کەسانەیە کە تەمەنیان لە 58 ساڵ بۆ سەرەوەیە کە ناوەندی ژمێریاری (2.647) و لادانی

پێوەریشی بریتییە لە(0.325)، ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە ئەو کەسانەی بە تەمەنن تێگەیشتنێکی قووڵیان هەیە سەبارەت بە پێکەوەژیانی نەتەوەیی بەراورد بە ئاستەکانی تەمەنەکانی دیکە.

2- پەیوەست بە ئاستی خوێندەوەرای و بەپێی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان، هیچ جیاوازییەك لە تێڕوانینیان بەرانبەر بە پێکەوەژیانی نەتەوەیی نییە.

3- پەیوەست بە جیاوازی دۆخی ئابووریی بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە، هیچ جیاوازییەکی قووڵ لە تێڕوانینەکانیان بەرانبەر بە پرسی پێکەوەژیان بوونی نییە، واتە ئاستی ئابووری کاریگەری لەسەر جۆری تێڕوانینەکانیان دروووست نەکردووە.

4- لە گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە) دەرکەوتووە کە کاریگەریی قووڵی لەسەر جیاوازیی تیڕوانینیان بۆ پرسی پێکەوەژیانی نەتەوەیی هەیە، بە جۆرێك P-Value بریتییە لە (0.003) واتە ئاماژەدارە لە ئاستی باوەڕداری (0.01) و بەهای تاقیکردنەوەی کروسکال والیسش بریتییە لە (13.987)، بەرزترین ئاستی ناوەندی ژمێرەیی پارێزگای هەولێرە کە (2.6028)ـە. واتە پێکەوەژیانی نەتەوەیی بە بەهێزی لەپارێزگای هەولێر دەبیندرێت و پەسەندکراوە، بە بەراورد پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان.

5- پەیوەست بە گۆڕاوی نەتەوە (کورد، تورکمان، کلدۆ ئاشووری، عەرەب، هی دیکە) لە پرسی پێکەوەژیانی نەتەوە و پەیوەندی و کارلێکردنی نەتەوە و ئێتنیکە جیاوازەکاندا جیاوازی بەدی ناکرێت، واتە تێڕوانینی نەتەوە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان بۆ پرسی پێکەوەژیان هیچ جیاوازییەکی قووڵ لە نێوانیاندا نییە و بە بەهێزی دەبیندرێت، ئەگەرچی کۆمەڵگەی توێژینەوە کۆمەڵگەیەکی فرەکولتوورە، بەڵام فرەکولتووری ناوچەیین، تەنیا لەسەر ئاستی گەڕەکەکەی خۆیان لێکجیاوازن و تێکەڵ نابن.

6- پەیوەست بە گۆڕاوی جۆری ئایین (موسڵمان، مەسیحی، ئێزیدی، کاکەیی، زەردەشتی، یەهودی، بێ ئایین، بەهائییەکان، صائیبەی مەندائی)، لەڕووی پرسی پێکەوەژیانی نەتەوەیی لە ئاستی باوەڕی 0.05 و 0.01 جیاوازی نابیندرێت، واتە جیاوازی لە تێڕوانینی ئایینە جیاوازەکان بۆ پرسی پێکەوەژیانی نەتەوەیی نابیندرێت و ئەم پرسە بە تێڕوانینی بەشداربووانی ئایینە جیاوازەکان بە درووست دەبیندرێت و پەسەندکراوە.

7- پێکەوەژیانی نەتەوەیی بە بەهێزی دەبیندرێت؛ بەڵام پێویستە زیاتر برەوی پێ بدرێت و لە ناو سیستەمی خوێندن و دامودەستگەکانی دیکەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا رەنگبداتەوە، بەجۆرێك کاریگەری لەسەر جۆری بیرکردنەوە و رەفتارەکانماندا هەبێت.

## دووەم: ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوە

1- هەموو دامودەستگەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بەرپرسن لە بڵاوکردنەوە و گەشەپێدانی گیانی پێکەوەژیانی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا، بۆیە گرنگە لە هەموو قۆناغە جیاجیاکاندا کار لەسەر ئەم بابەتە بکرێت.

2- حکوومەتی هەرێم بەمیکانیزمی جیاجیا و بەپێی یاسا و پابەندبوون بە بەڵگەنامەکانی مافەکانی مرۆڤ، کار بۆ قووڵترکردنەوەی گیانی پێکەوەژیانی نەتەوەیی بکات.

3- بڵاوکردنەوەی هوشیاری زیاتر بۆ بڵاوکردنەوەی گیانی پێکەوەژیانی نەتەوەیی لەناوکۆمەڵگەدا، ئەمەش لەرێگەی ڕێکخستنی چالاکی جۆراو جۆر بە هاوبەشی نێوان نەتەوە جیاوازەکان.

## سەرچاوەکان:


### سەرچاوە کوردییەکان:

1- میران، رەشاد(2017) ، رەوشی ئایینی و نەتەوەیی لەکوردستاندا، چاپخانەی رۆژهەڵات، چاپی سێیەم، هەولێر.

### سەرچاوە عەرەبیەکان:

1- الحسن، احسان محمد(1999)، موسوعة علم الاجتماع، الدار العربیة للموسوعات، بیروت، لبنان.

**2-** مجید حسام الدین علي( 2006 )، إشکالیة التعددیة الثقافیة في الفکر السیاسي المعاصر: جدلیة الاندماج والتنوع، مرکز دراسات الوحدة العربیة، بیروت.

### سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

1- Berry, (1980), Acculturation as varieties of adaptation, in, A. Padilla (ed Acculturation; Theory, Models and some New Finding, Boulder, Co; Westview press.

2- Benhabib Seyla(2002), the claims of culture: equality and diversity in the global era, Princeton University Press, 41 William street Princeton , New Jersey, USA.

3- Jan-Erik Lane & Svante Ersson, (2005) Culture and Politics A comparative Approach, Second Edition, British Library cataloguing in publication data.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4- Durkheim. (2013) The Division of Labor in society, Translation by W. D Halls,2nd edition. Hampshire; Polity Press.
5- Jenson, J .(1999) Mapping Social Cohesion; The Sate of Canadian Research. Ottawa; Canadian Policy Research Networks.
6- Gunew S. (1997). Post colonialisms and multiculturalism: Between Race and Ethnicity. The Yearbook of English Studies. Vol 27. HumanitiesResearch Association, UK.
7- Kymlicka, W. (1998) .Finding Our Way. Rethinking ethnocultural relations in Canada. Oxford: Oxford University Press.
8- Kincheloe, J. L. and S. R. Steinberg, (1997). Changing multiculturalism Buckingham: Open University Press.

ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان:

**(43277)** قوتابی لە زانکۆ و پەیمانگەکان وەرگیراون. 2021-10-12 . ماڵپەڕی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
https://gov.krd/mohe/activities/news-and-press-releases/2021/october/

چاوپێکەوتن:

1- کامەران فەیلی، مامۆستای زانکۆ، چاوپێکەوتن(20-5-2021).
2- یوسف عوسمان، شارەزایی بواری پەروەردەیی، چاوپێکەوتن (23-3-2021).
3- عەتا قەرەداخی، نووسەر و رۆشنبیر، چاوپێکەوتن(20-3-2021).
4- توێژەرێك كە نەویست ناوی بنووسم، چاوپێکەوتن (20-2-2021).
5- ناصر فکوهی، ئەنترۆپۆلۆژیستی ئێرانی، چاوپیکەوتن (20-1-2021).
6- تەها خدر، کە بە بنەچە خەڵکی هەولێرە و دانیشتووی سویدە، چاوپێکەوتن، (20-2-2021).
7- ئەمیر عوسمان بەڕێوەبەری بەڕیوەبەرایەتی پێکەوەژیانی ئایینەکان لە وەزارەتی ئەوقاف، چاوپێکەوتن، (2020-21-20).
8- ئیحسان ئامێدی، نووسەر و رۆشنبیر، چاوپێکەوتن(25-4-2021).
9- ناز ناز محمد مەلا قادر، مامۆستای زانکۆ وتوێژەر، (27-7-2021).
10- پیاوێکی مەسیحی (تەمەن 65ساڵ- خانەنشینی مامۆستا) لە شارۆچکەی شەقڵاوە، چاوپێکەوتن، (29-7-201).
11- سعادە، مامۆستا، چاوپێکەوتن، (20-2-2021).
12- شاهزاد حسێن مامۆستای زانکۆ ،هەولێر، (20-9-2021).

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The Circumstance of Nation Coexistence in a Multiculturism Society

## A Field Study in Kurdistan Region

**Abdul Majeed Ghafor Ebrahim**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
alkurdy_20@yahoo.com

**Jabar Qader Ahmed**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
jabarqader79@gmail.com

***Keywords:*** *Coexistence, National Coexistence, Social Cohesion, Confession*.

## Abstract

National coexistence is one of the important reasons for the development and political and social stability in societies with multiple cultures, based on coexistence, tolerance, and the preservation of the rights of nationalities in institutions for the progress of society. In theKurdistan region, with the exception of Kurdish national, there are other nationalities such as Chaldeans, Assyrians, Turkmen, and Arabs, who have a long history of coexistence among themselves, but this topic must be developed and scrutinized in a certain way to mix culture, deepen life and accept each other's differences. The main objective of this research consists of influences and changes (age, the educational level, and the economic level) on national coexistence in the Kurdistan Region, as well as the levels of national coexistence based on the governorates and understanding of nationalism and the multiple religions present in the Kurdistan Region. Through the result of this research, that the change in ages, elderly people have a deep understanding about national coexistence compared to other ages, as well as related to educational level and economic status according to the results obtained, there is no difference in the point of view towards ethnic coexistence together. On the other hand, the results obtained tell us that national coexistence is strong in the city of Erbil. This is how it is observed compared to other cities in the Kurdistan Region. In the view of the multiple nationalities in the Kurdistan

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Region about coexistence, there is no big difference between them because our society is a multicultural society, but this diversity of cultures is local only. At the level of neighborhoods, they have a difference and do not mix. The change in the different religious views of the subject of national coexistence was not observed. This issue, according to the views of the various religious participations, is observed correctly and acceptable. In this research, the triangulation method and the sequential analysis method, the mixed method, were used, were quality data support quantitative data analysis.

---

## الظرفة التعايش القومى في المجتمع متعدد الثقافات
## دراسة ميدانية في اقليم كوردستان

**ملخص:**
التعايش القومي، من أحد الاسباب المهمة للتطور والاستقرار السياسي والاجتماعي في المجتمعات ذات الثقافات المتعددة، بشكل اساس للتعايش والتسامح والحفاظ على حقوق القوميات في المؤسسات للتقدم المجتمع. في اقليم كوردستان باستثناء القومية الكوردية هناك قوميات اخرى مثل الكلد والاشوري والتركمان والعرب لديهم تاريخ عريق حول التعايش فيما بينهم لكن هذا الموضوع يجب وتعميد تطويره والتدقيق فيه بطريقه معينه لخلط الثقافة والتعميق الحياة وقبول رغم الاختلافات بعضهما البعض المتضمن فالهدف الرئيسي من هذا البحث المتكون من التاثيرات والتغيرات من جوانب العمر، المستوى الدراسي، والمستوى الاقتصادي على التعايش القومي في اقليم كوردستان وكذلك المستويات التعايش القومي على اساس المحافظات والفهم المتبادل مع القوميات والديانات المتعددة المتواجدة في اقليم كوردستان. نستنتج من خلال الدراسة الميدانية ان التغير في الاعمار، خاصة الاشخاص المسنين لديهم تفهم عميق حول التعايش القومي مقارنة بالاعمار الاخرى وكذلك فيما يتعلق بالمستوى التعليمي والوضع الاقتصادي حسب النتائج الحاصلة، فلا يوجد اي فرق في وجهة النظر اتجاه التعايش العرقي معا. ومن ناحية اخرى ان النتائج الحاصله نظر تظهر لنا ان التعايش القومي قوية في مدينة اربيل مقارنة بالمدن الاخرى في اقليم كوردستان وبنظر القوميات المتعددة في اقليم كوردستان حول التعايش لا يوجد فرق كبير فيما بينهم وفى نظر كون مجتمعنا مجتمع متعدد الثقافات، لكن هذه التعدد في الثقافات هي محليه فقط في مستوى الاحياء لأنهم لا يختلطون. لم يلاحظ التغير في وجهات النظر الدينية المختلفة لموضوع التعايش القومي حسب وجهات النظر في المشاركات الدينية المتعددة تلاحظ بشكل صحيح ومقبول. في هذا البحث تم استخدام طريقة المختلط والتثليث وطريقة التحليل التسلسلي اي الطريقة المختلطة حيث تدعم بيانات الجودة تحليل البيانات الكمية.